چۆنێتی ڕەفتارو مامەڵەی هەرکۆمەڵگایەك لەگەڵ منالاندا، گرنگترین پێوەری پێشکەوتووی و
ئازادیبونی ئەو کۆمەڵگایە بەیان دەکات، منالان لە هەمووشتێک گرنگترن، وە لە پێشترن لەهەر
بەرژەوەندییەکی نەتەوایەتی، ئایدۆلۆژی، ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئاینی "یەکەم منالان"
لە بەندەکانی پێکهاتنی سەنتەری منالان، ئازاری 1999

## چاوپێکەوتنی ئالای ئازادی لەگەڵ شێرزاد فاتح،
## بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالان



+46735715449
www.santarimnalan.com

**ئالای ئازادی: لە پاش رووخاندنی رژێمی بەعسەوە چاوەڕوان دەکرا تا ئەندازەیەکی باش گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵکدا درووست بێت..
بەلام پێدەچێت رەوشەکە هێشتا لە ئاست ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکدا نەبێت بە تایەبت مندالانی ئەم ولاتە هێشتا لەژێر باری سەختی کاکردن و زەبرو زەنگی کۆمەڵگەدان، تۆ لەمبارەوە رات چییە؟**

**شێرزاد فاتیح**: سەرەتا دەمەوێت سوپاست بکەم بۆ بەسەرکردنەوەمان و بۆ سازدانی ئەم چاوپێکەوتنە. سەبارەت بە پرسیارەکەت، ڕاستی من بۆخۆم هیچ چاوەڕوانییەکەم نەبوو لەوەی کە هەلومەرجی ژیانی خەڵکی باشتر بکرێت، تازە نەك بەو ئەندازە باشەی کە تۆ باسی دەکەیت و گۆڕانکاری ڕیشەی لە ژیانی خەڵك ڕوو بدات. ئێمە هەموو ستەم و مەینەتییەکانی ژێر سایەی دەسەلاتی زیاتر لە 35 ساڵی ڕژێمی بەعسی خوێناویمان بینی، هێشتا برینەکانی بەعس بەجەستەی کۆمەڵگای کوردستان و عێراقەوە سارێژ نەبوون و هەرگیزاو هەرگیز بیر ناچنەوە.

لەم نێوەدا مرۆڤ دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات، ئایا چاوەڕوانی باش بوونی هەلومەرجی ژیانی خەڵك لە پای چی و، ئەو ئاسۆو ئومێدە بەچی و کێوە ببسەتێتەوە؟ ئایا بەستنەوەی ئومێد بە ئیمپریالیزمی جیهانی غەرب و ئەمەریکاوە، جێگای ئومێدە؟ ئایا چاوەڕوانی لە کۆمەڵێك حیزبی مەزهەبی و نەتەوەچێتی کە جگە لە بەرژەوەندی خۆیان ودەستوپێوەندەکانیان، گیرفانیان و حیزبەکەیان هیچ بەرژەوەندییەکی تری خەڵکیان ئەسڵەن لەخەیاڵ نییە، جێگای ئومێدە؟ ئەگەر هەر لە کوردستانەوە چاو لێبکەین تا خوارو ناوەڕاست، لە کوردستان هەردوو حیزبی دەسەلاتدار (یەکێتی و پارتی) 18 ساڵە خەریکی تالانچێتی و ڕووتانەوەی خەڵکن و پاروو قوتی خەڵکیان بە بارمتە گرتووەوو بۆ خۆیان قۆرغیان کردووە، هێشتا هەر تێر نابن و تازە لە ئەی ڕەقیبان! ئایا ئاسۆو ئومێد و چاوەڕوانی خەڵك ئەکرێت بەمانەوە گرێ بدرێت؟ یان لە خوارو ناوەڕاستی عێراقەوە چاو لێبکەین کە پاشماوەکانی داروەدستەی بەعس و چەند حیزبێکی توندڕەوی مەزهەبی و قەومی عەرەبی دروستکراو و شۆربا خۆری دەستی جمهوری ئیسلامی دژی ئینسانی ئێران و سعودیەو وولاتانی تری خەلیجن؟ ئومێد گرێدان و چاوەڕوانی بە کامێك لە مانەوە؟ من بەش بەحاڵی خۆم هیچ چاوەڕوانیەکی باش بوونی هەلومەرجی ژیانی خەڵك لە سایەی دەسەلاتی ئەم حیزبانەدا نابینم، حیزبێك و بزووتنەوەیەکیش کە هەڵگری خواست و ئامانج و ئاواتەکانی

خەڵك بێت لە ئێستادا، بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستییە کە تا ئێستا لە حاشییەی کۆمەڵگادا قەراری گرتووەو نەیتوانیوە ببێتە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات، وە نەبووە بۆ ئومێدی خەڵك نە لە کوردستان و لە عێراقدا، دیارە هۆکارو دەلیلەکانی نەبوونی ئەم بزوتنەوەیە بەو ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتە زۆرن و لێرەدا پرسیار لەسەر ئەمە نییە تا ببێە جێگەی قسەوباسی من، بەڵام هەر بەکورتی ئەم بزتنەوەیە چوونکە دەستی دەسەڵاتداران و تالانچیان لە بن هەمانەکەوە دەردەهێنیٚ و ئیتر پاروی چەو گلاندن بۆ جەردەکان جێگایەکی بۆ نامێنێتەوە، بە دەم و دان دژایەتی دەکەن و سەرکوتی دەکەن، وە بە هەڕەشەو کوشتن و تۆقاندن ناهێڵن خەڵك لە دەوری کۆ ببێتەوە.

ئاشکرایە کە منداڵانیش بەشێکن لەم کۆمەڵگایەو یەکێکن لە توێژەکانی کۆمەڵگا و بەدەر نین لەو هەلومەرجەی کە لە گشتدا بەسەر کۆمەڵگادا سایە دەکات. بەڵام ئەوەش دروستە کە سەرباری ئەمەش چەند مەسەلە و کێشەی تایبەت هەیە سەبارەت بە چەند توێژێکی کۆمەڵگا کە لە گشتدا بە بڕوای من ئەمانە کێشەی تایبەتی و گەورەن و پێویستیان بە چارەسەری نایبەتی و بەرنامەی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەر کردنیان، وەك کێشەی کرێکاران، ژنان و منداڵان. یانی مەبەستم ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی کە شکڵ و شێوەی دەسەڵات چییەو چۆنە، هەلومەرجی ژیانی خەڵك و باری ئەمنی و ئاسایش و ...هتد، بۆ بەدەستهێنانی مافە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم توێژانە، لەوانە ئێسا قسەی ئێمە بە تایبەت لەسەری توێژی منداڵانە، پێویستی بەخەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستی بەپەروەدەی کۆمەڵایەتی گۆڕینی بیری تاکی کۆمەڵگا هەیە سەبارەت بە مەسەلەی منداڵان، پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەی هەیە لە عەقڵیەتی دەسەڵاتدارو سیاسەتیاندا، خۆ یەکێتی و پارتی و دەست وپێوەندەکانیان 18 ساڵە ئیدعای ئازادی و دیموکراسی و بوونی ئەمن و ئاسایش دەکەن لە کوردستاندا، ڕۆژانەش لە سایەی هەر ئەم دەسەڵاتە خۆماڵییە پاوەنخواردووەی ئەم دوو حیزبەدا منداڵان توندوتیژیان لەگەڵ دەکریٚ، تووشی ئەزیەت و ئازار دەبن لە نێو ماڵان، قوتابخانە و لە کۆمەڵگادا، بۆچی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر مافەکانی منداڵان و بەیاسا کردنیدا مێشێك میوانیان نییە؟! هەر ساڵێك لەمەوبەر بوو بە ئاماژە بۆ نووسراوی وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە یاسای گەڕانەوەی سزادانی منداڵانی پەسەند کردووە، ئەوەبوو لەژێر فشاری دەیان نووسەر و ڕوناکبیرو ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی منداڵاندا پاشگەز بوونەوە چەندین کلك و گۆیان بۆ بڕیارەکەیان داتاشی، پاساوی شەرمەزارییان بۆ هێنایەوە.

**ئاڵای ئازادی: دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا تاچەند کێشەی منداڵی بە هەند وەرگرتووەو لە هەوڵی فەراهەم کردنی مافەکانی منداڵاندایە؟**

**شێرزاد فاتیح:** لە وەڵامی پرسیاری پێشودا ئیشارەم پێداو بە کورتی باسم لەوە کرد، کە کێن ئەو حیزبانەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەسەڵات بەڕێوە دەبەن. بۆیە ئەو حیزبانە هەر هەموویان لە چوارچێوەی یەك ئامانج و بەرنامەدا پۆلێن کراون، ئیرەشەوەیە ئیتر ئەسڵەن حکومەت و دەسەڵاتە عروبە ئیسلامییەکەی مالیکی- تاڵەبانی هیچ لە هەلگەبەکەیدا نییە بۆ منداڵان، چ چاوەڕوانییەکیش لە داهاتوودا بیٚ لیٚ ناکریٚت سەبارەت بەمافەکانی منداڵن و گرنگی پێدانیان. چونکە دەسەڵاتەکەی مالکی و هاوپەیمانانی دەسەڵاتێکی عەشیرەتی، مەزهەبی و قەومییە، ئەم دەسەڵاتە ئەسڵەن هیچ ئاشنایەتی و بەرژەوەندییەکی لەگەڵ کێشەو مافەکانی خەڵك و منداڵاندا نییە! هەر تەنها سەردانی قوتابخانەکانی شارەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عێراق، سەردانی چەندین گەڕەکی ناوشاری بەغداد، وەك البتاوین، نەهزە، غەزالیە، حەی فەزیلەو عەدالەو چەند گەڕەکێکی تر کە پێشتر نەبوون و ئێستا خەڵك بە ناچاری کردویانە بە شوێنی ژیان و حەوانەوەیان، بۆت دەردەکەوێت کە هەلومەرجی ژیانی مندڵان چۆنە، وە منداڵانی بێسەپەرشت لە چ هەلومەرج و مەرگەکارەساتێکدا ژیان بەسەردەبەن. ئەمە ئیتر جگە لەو هەموو مەینەتی وبەدبەختییانەی تر کە ڕووی لە کۆمەڵگایە، دڵرەقترو بێرەحمانەتر ڕووی لە جەستەی ناسکی منداڵانە.

لەو کاتەی لە بەغدادا کارم دەکرد لەگەڵ منداڵانی بێسەرپەرشتدا، شتێك کە هەرگیز ناتوانم لە بیری بکەم ئەوەیە کە، یەکێك لە منداڵە بێسەرپەرشتەکان کە کچێکی تەمەن 15-16 ساڵان بوو، باسی لە سەختی هەلومەرجی ژیانی خۆی دەکرد کەخەوتن و خواردن و نان پەیدا کردن و کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی چین. یەکێك لەو شتانەی کە باسی کرد، دەیگوت جگە لەو خەڵکانەی

که ڕۆژانه لەسەرجادەکان بەهەموو جۆرێك دەستدرێژی دەکەنە سەرم، بەشێکی تر لەوانە پۆلیسن، وە پۆلیسەکانی بنکەی پۆلیسی سەعدونن، ئەوان خۆیان بە تەکتیك تاوانم پێئەنجام دەدەن و دوایش تاوانبارم دەکەن بۆ ئەوەی زیندانیم بکەن و بکەومە بەردەستیان و دەستدرێژی سێکسیم بکەنەسەر. ئەمە گۆشەیەك و نموونەیەکی زۆر چکۆلەیە لە وەزعییەتی یەکێك لەو مندالانەی کە بێسەرپەرشتەو هیچ کەس و کارێکی نەبوو شەوانە لەسەرجادەکان دەنوست. بۆیە حکومەتەکەی مالکی جارێ خەریکی تەخشان و پەخشان کردنی سیاسەتی ڕاکێشانی پیاوە مەزهەبییەکان و شیخی عەشیرەتەکانە بۆ لای خۆی و دەسەلاتەکەی وپڕ کردنی گیرفانیانە کاری بە کێشە کۆمەلایەتییەکان و کێشەی مندالانەوە نییەو پێشم وایە نییە ئەسلەن ئەم مەسەلەیە ببێت بە مەشغلەی خۆی و حکومەتەکەی. لەوەلامی پرسیاری لای خوارەوە زیاتر دێمە سەرباسی ئەم مەسەلەیە.

**ئالای ئازادی: ئایا هیچ ئامارێکتان لەسەر مندالانی ئیشکەرو بێسەرپەرشتو ئەوانەی لە ژێر توندوتیژیدان لەبەردەستدایە.. وەك سەنتەری بەرگری لەمافەکانی مندالان ئەو هەنگاوانە کامانەن کە ناوتانە بۆ باشکردنی گوزەرانی ئەو مندالانە و گەرانەوەی ڕێزو ژیانێکی شایستە بۆیان؟**

**شێرزاد فاتیح:** ئەم پرسیارە مەودایەکی فراوانی هەیەو وەلامی زۆر هەلدەگرێت، سەبارەت بەو کێشانەی باسی دەکەیت بەگشتی من چەند ئامارم لەبەردەستن، دیارە سەرچاوەی ئەم ئامارانە تێکەلن و یەك سەرچاوە نین، وەك: سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالان، بلاوکراوەکان و بە تایبەتیش بلاوکراوە عەرەبییەکان، ڕاپۆرتی یونیسێف و خاچی سوری نێودەولەتی، ڕێکخراوە مرۆییە نێودەولەتییەکان و بەدواداچوون وبابەتی نووسەران...هتد. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ئێستا لە عێراقدا زیاتر لە 5 ملیون مندالی بێباوك هەن ئەوەی کە بە هەلە پێی دەلێن"هەتیو"، کە لە هەلومەرجێکی کۆمەلایەتی زۆر سەختدا ژیان بەسەر دەبەن، لەم 5 ملیۆن مندالە 30٪ تەمەنیان لە ژێر تەمەنی 17 سالیوەن ونەیانتوانیوە بەشداری تاقی کردنەوەکان بکەن، وە لە عێراقدا کۆی گشتی ئەو قوتابیانەی بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کردووە ڕێژەی دەچوونی مندالان لە 40 ٪ تێپەڕی نەرکردووە. ژمارەی ئەو مندالانەی کە ئاوەرە بوون لە سالی 2007 دا گەیشتە 220000 مندالێ، سێیەکی ئەم مندالانە نەیانتوانی لە خوێندن بەردوام بن، ئەمە جگە لەوەی کە 76000 مندالێ هەر ئەسلەن خۆیان ناو نووس نەکردووە بۆ چوون بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان. سەرجەمی مانگانە 25000 مندالێ ناچار بە دورکەوتنەوە لە شوێنی ژیانی خۆیان و ئاوارە بوون کراون لەئەنجامی توندوتیژی و کردەوەی تیرۆریستی و ترساندن و تۆقاندنی مندالان لە عێراقدا.

هەربۆیەشە کە لە ڕاپۆرتی یونیسێف بۆ سالی 2008 باس لەوە دەکات کە ولاتێکی دەولەندی وەك عێراقدا مندالان ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوەو هەلومەرجەکە بۆ مندالان(اعتباطي)یە، یانی هەرچی بلێی سەبارەت بە هەلومەرجی سەنختی ژیانی مندالان ئەشێ دروست بێت و لەپەڕی خراپی دایە، هەربۆیە گرنگی دان بە مندالانی عێراق لە پێش هەموو مندالانی دنیاوە باسی لێوەکرا. سەبارەت بە هەلومەرجی سەختی ژیانی مندالان بەرپرسی ڕێکخراوی "دەنگی مندالان" دەلێ کەس نازانێت کە 11 هەزار مندالی مدمن"ئالودەبوو" لەسەر مەوادی بێهۆشکەر تەنها لە بەغدادا هەن، ئەم مدالانە تەمەنیان لە ژێر 12 سالیوەن کە بوون بە نێچیری گەورە هەوسبازان و ڕۆژانە دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتەسەرو شوێنی تایبەت هەن لە بەغدادو شارەکانی تردا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەدژی مندالان. هەر لەم بارەوە لەڕاپۆرتێکی تردا باس لە بوونی 1500-1300 مندالی زیندانی دەکات، کە لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و نامرۆییدا ژیان بەسەر دەبەن و دەلێ:"ئێمە سەرباری سنورداری دەسەلاتمان بەلام توانیمان سەردانی زیندانەکانی وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگری و عەدل بکەین، سەرباری نەبوونی خزمەت گوزاری پێویست بۆ مندالانی زیندانی، سەرباری بەرزی پلەی گەرمی لە هاویندا و نەبوونی فێنك کەرەوە، مندالان بە شێوەیەکی بەردەوام تووشی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە" هەر لەم بارەوە ڕۆژنامەی **"الجاردیان"**ی بەریتانی باس لەم مەسەلەیە دەکات و تەئکید لەسەر ئەم کێشەیە دەکاتەوە. هەروەها ڕۆژنامەی**"القدس العربي"** باس لە نموونەی چەندین مندالێ دەکات و لەوانە عمر عەلی کە تەمەنی 16 سالانەو ماوەی 3 سالە زیندانییە و هەموو لەشی زیبەکەو دومەلی لێهاتووە ئەنجامی خەوتن لەسەر ئەرزی ڕەق وتەق و ئارەقەی ژێر خۆیانەوە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کە لە نێو زیندان دەگاتە 44 پلەی سیلزی لە ڕۆژداو هەروەها 38 پلەی سیلیزی لە شەودا، بڕانی کارەباو نەبوونی ئاو بۆ خۆشتن...هتد، سەرباری ئەمەش

هەموو ڕۆژەبەشێوەیەکی بەردەوام لە لایەن پاسەوانە هەوسبازەکانی زیندان و پیاوەکانی حکومەتەکەی مالکییەوە دەستدرێژی سێکسییان دەکرێتەسەر. ئەمەی لای سەرەوە باسم کرد زۆر کورت و گۆشەیەکی چکۆلەیە لە ژیانی منداڵانی بێسەرپەرشت و زیندانی و ...هتد لە عێراقدا لەبەر نەبوونی بواری قسەی زیاتر لێرەدا دیمەسەر بەشی دووەمی پرسیارەکەتان. لێرەدا پێم خۆشە ئیشارەت بەچەندین کارو پرۆژەو هەنگاونانی ئێمە وەك سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان بکەم لەم بارەوەو بۆ باشکردنی هەلومەرجی ژیانی منداڵان، سەرەتاش دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەنتەری منداڵان وەك ڕێکخراوێکی "خێرخوایی" کار ناکات، کاری مرۆیی وەك کۆمەك کردن بە منداڵان، چارەسەر کردنی منداڵانی نەخۆش کۆمەکی مادی ....هتد بەشێکی کەمی کاری ئێمەیە، لای هەمووشمان ئاشکرایە کە لەبەر دزی و گەندەڵیی هەردوو حکومەتی مالکی و هەرێمی کوردستانە کە منداڵانی عێراق و کوردستان ڕووت و برسین، دەنا ئەوەندە پارە زۆرە بۆخۆشیان نازانن چی لێبکەن و چۆن خەرجی بکەن. مەسەلەکە لەوێوەیە کە چ حکومەتەکەی مالکی و چ حکومەتەکەی بارزانی گرنگی بە منداڵ نادەن ئەسڵەن مەشغەڵەیان نییە کە شتێك هەبێت بە ناوی کێشەی منداڵان.

بە پلەی یەکەم نوکی کاری ئێمە ڕووی لە کۆمەڵگایە بۆ گرنگیدان بە منداڵان، بۆ ئەوەی حورمەت و حەیسیەت بۆ منداڵان بگەڕێتەوە و هەموو تاکێکی کۆمەڵگا ودەسەلاَت لەوەتێبگەن کە بەر لەهەر شتێك دەبێ گرنگی بە منداڵان بدرێت "یەکەم منداڵان". سەبارەت بەوکارانەو بەو هەنگاوانەی کە ناومانن لە ڕاستای باشکردنی ژیانی منداڵاندا لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا، زۆر بەکورتی دەتوانم بڵێم: بەشێکی کاری ئێمە ڕاگەیاندن و ووشیار کردنەوەیە، لەبارەی مافەکانی منداڵان و بەرگریکردن لێیان. کە جگە لە ویبسایتی خۆمان سود لە زۆرێك لە سایت و بلاَوکراوەکان وەردەگرین بۆ بلاَوبوونەوەیان و گەیاندنیان بە دەستی خەڵك بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و لەدەرەوەش بە سویدی. جگە لە کاری ڕاگەیاندن کارکردن لەسەر چەند پرۆژەیەك بە هاوکاری چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، لەوانە پرۆژەی "مۆنۆمێنتی" ئاشتی کە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی "ZENKO" ی یابانیدا لە شارەکانی بەغداد، کەرکوك و سلێمانی چەند کاروچالاکی هونەری و کولتوریمان بە ڕێخست و دەیان و بگرە سەدان منداڵ بەشداری تێدا کرد، وە هەروەها "دیموکراسی و مافەکانی منداڵان، پەروەردەو فێرکردن" پرۆژەیەکی تر بووکە بە هاوکاری هەردوو ڕێکخراوی سویدی"Palme Center"،"Sida" لە شاری کەرکوك بۆ ماوەی نزیك بە دووساڵ بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەرپرسان و ڕابەرانی سەنتەر لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق بە ڕێوەچوو، کە زیاتر ڕووی کارەکانمان لە کۆمەڵگا وە بەتایبەتیش لە قوتابخانەکان و دایکان و باوکان بوو، بۆ شارەزا بوون لە پەروەردەو فێرکردنی منداڵ بە شێوەیەکی پێشکەوتووانەی سەردەم و ئاشنا بوون بە مافەکانی منداڵان، بۆ ئەم پرۆژەیەش سودمان لە چەندین سەرچاوەی سویدی و ئەورووپی تازە بینی لە کاتی کارکردنماندا. لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ژیانی منداڵانی بەغداد نالەبارترو ناهەموارترە لە چاو منداڵانی کوردستان، مەسەلەکەش تەنها باری ئاسایشی بەغدایە، بۆیە بەم پێیە لەویَ بەهاوکاری مانگی سوری عێراقی و ڕێکخراوێکی ئەمەریکی، خاچی سوری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، چەندین کاری هاوبەشمان کرد، لەوانە تیمێکی پزیشکیمان هەبوو بۆ سەردانی منداڵان لە ناوچە هەژارنشینەکانی بەغداد بۆ چارەسەری منداڵان و ژنانی نەخۆش و کڕینی دەرمان و پێداویستیەکانیان بەبێبەرامبەر، دابەش کردنی پێداویستی ناوماڵ و پێلاَو بەسەر نزیکەی 2500 کەسدا، هەر لەم کاتەشدا تەلەفیزیۆنی CIA ئەمەریکی چەندین لایەنی کارەکانمانی بەخش کردەوە لەم بارەوە ڕاپۆرتی بلاَو کرادەوە. ئەمە جگە لە کردنەوەی خانەی منداڵانی بێسەرپەرشت بۆ ماوەیەکی کاتی، کە پێشتریش لە سلێمانی بۆ چەندین منداڵی بێسەرپەرشت خانەیەکمان کردەوە، ناردنی 2 منداڵ بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاو بۆ تاران بە نزیکەی بڕی 6000 دۆلار کۆمەك کران، خستنەڕووی کێشەی دەیان منداڵ بۆ بەردەستی دەسەڵاتداران و چارەسەر کردنی کێشەکانیان لەوانە بڕینی پارەی چەند منداڵی نابینا لە کەرکوك، کۆمەکی خێزانی"ڕەیان"ئەو منداڵەی لە مەخمور لەت وپەت کرا، وە کار کردن لەسەر چەندین پرۆژەی تر سەبارەت بە خەتەنەی منداڵانی کچ، مەسەلەی یەکسانی نێوان کوڕان و کچان و نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنان و منداڵان، ئەمانەو دەیان کاری تر کە لێرەدا بوار نییە هەمووی باس بکەین، بەشێکن لەو کارانەی لەم ئاراستەیەدا ئێمە وەك سنەتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان پێی هەستاوین.

**ئالاَی ئازادی: بەگشتی ئەرکی دەسەلاَت و کۆمەڵگە چییە لە بەرامبەر ژیانی نالەباری مندالانی ئەم ولاَتەدا؟**

شێرزاد فاتیح: دەکرێت لە ڕووانگەی باری دەروونی و کێشەکانی مندالاَنەوە و بە چاوخشانێکی خێرا بەسەر هەلومەرجی سەختی ژیانیادا ئەرکی دەسەلاَت وکۆمەڵگە لەم وولاَتەدا دەستنیشان بکەین. لەباری سایکۆلۆژییەوە، بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمریکی بە ناوی کاریل دي روي، دەڵێ: لە قۆناغی سەرەتاییدا زیاتر لە 4 ملیۆن منداڵ هەیە کە لانی کەم 10٪ ئەم مندالاَنە پێویستیان بە چارەسەری دەرونی هەیە کە بەهۆی الصدمات النفسية trauma واتا شۆکی دەرونی کە شەڕی ئەمریکا لە دژی خەڵکی عێراق و دەرنجامەکانی شەڕەوە مندالاَن تووشی بوون. شەڕو ئاسەوارەکانی شەڕ کاریگەری و تارمایی زۆر خراپیان لەسەر مندالاَن داناوە، باری دەرونی شێواو نا جێگیر، بڕوا بەخۆنەبوون و ترس و دڵەڕاوکێ، سیمای خەماوی ...هتد، ئەمانە سادەترین دەرهاویشتەکانی شەڕە لەسەر مندالاَن. دکتۆر و پرۆفیسۆر ماغن راوندالن بەڕێوەبەری پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی مندالاَن لە بەشی زانستەدەرونییەکانی زانکۆی بیرغنی نەرویجی لەم بارەوە نیگەرانی زۆری نیشانداو دەڵێ: مندالاَنی عێراق وەك مندالاَنێکی مردووی زیندوو وان، هەموو خۆشی و هەست و ئارەزووەکانیان لە دەستداوەو ناتوانن چێژ لەهیچ شتێك وەرگرن لە ژیانیادا. هەروەها لێکۆڵەرەوەی باری دەرونی مندالاَن" جیف سیمونز" دەڵێ: بەرزبوونەی ئاستی ڕەفتاری شەڕانیبوون واتە بەسویدی aggressiv beteende یان بە عەرەبی السلوك العدواني، لە نێوقوتابیاندا لە 60٪ زیادی کردووەو ئەم ڕێژەیەش هەمیشە ڕوو لەسەرە. بەپێی چەند سەرچاوەیەك لە 20٪ قوربانیانی تەقینەوەکانی عێراق مندالاَنن، یان ئەوەتا لەبەرامبەر پارەیەکی کەمدا مندالاَن بوون بە نێچیری تیرۆریستان و بۆ کاری تەقاندنەوە بە کاریان دەهێنن. بلاَووبوونەوەی نەخۆشی شیرپەنجە، پیس بوونی ژینگە نەبوونی ئاوی پاك ئەنجامی ناپالم و ساروخە فسفۆری و ژەهراوی و سوتێنەرەکانی بۆش و بلێر لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدا، گەورەترین کارەساتی مرۆیی بۆ مندالاَن دروست کردووە، کە حکومەتەکەی مالیکی ئەسڵەن ئاوڕییان لێناداتەوە، لەم نێوەدا یەك نەوە بەدەم دەردو دەیان نەخۆشییەوە دەتلێنەوە. جگە لەمە کە زۆر بە کورتی خستنە ڕووی چەند لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر مندالاَنی عێراق بوو، بۆخۆشمان ئەوە زۆر بە ئاشکرا دەبینین بۆ نموونە لەم سەردەمی حکومەتەی مالیکی–تاڵەبانی دا مندالاَن لە چ هەلومەجێکدا ژیان دەکەن، وەك نموونەش هەمووومان بینینمان کە ڕەفتاری حکومەتی مالیکی چۆن بوو لەگەڵ مندالاَنی بێسەرپەرشتی بەغداد داو ژورنالیستێکی ئەمەریکی کارەساتی ژیانی ئەم مندالە بێکەس و کارو ئەو مەرگەساتەی ئەوانی تێدا دەژین خستە ڕوو، کە لەمبارەوە سەنتەری مندالاَن بە هاوکاری وتووێژی مۆدێرن کەمپەینێکمان بەڕێخستووە لە ناوەڕاستی هاوینی 2007 ەوە تا ئێستاش بەردەوامەو داوا لە خوێنەران دەکەم بەشداری ئەم کەمپەینە بکەن بەم لینکە: http://www.ahewar.org/camp/i.asp?id=94&show=450&#sig ، نەبوونی یاسای تایبەت بە بەرگری لە مافەکانی مندالاَن، بوونی توندوتیژی لە دژی مندالاَن لە نێو خێزان و قوتابخانەو شوێنە گشتییەکاندا، بە نەزان و سوك تەماشا کردنی مندالاَن و بەهەند وەرنەگرتنی ڕاوسەرنجەکانیان، گرنگی نەدان بە ژینگەی فێربوونی مندالاَن لە قوتابخانەکان و باخچەی ساوایان و دایەنگادا وە لەگشتدا نەبوونی جێگەوڕێگەیەکی مرۆیی بۆ مندالاَن لە چاوی دەسەلاَتداران و دامودەزگای پەروەردەی سەر بە حکومەتەوە.

دیارە هیچکات ناتوانین ئاسەواری 35 ساڵەی بەعس لەسەر مندالاَن و لاوان لەبیر بکەین، بەلاَم ڕەفتاری حکومەتی عێراقی ئێستاش هیچی لەبەعس باشتر پێ نەبووە بۆ مندالاَنی عێراق ئەگەر زۆر خراپتر نەبێت. بۆیە دەستنیشان کردنی ئەرکەکانی حکومەت لەبەرامبەر مندالاَن و ژیانیاندا زۆرن و بە بیری تازەو پێشکەوتنخوازی و بەپێی پرۆگرامی نوێی سەردەمی دونیای نوێ چارەسەر دەکرێن، نەك بە عەقڵی قەومی و عەرەبی ئیسلامی ئەم دەسەلاَتەی مالیکی. بۆیە ئەرکەکان زۆرن و دەبێ بەرلەهەر شتێك لە گۆڕینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە دەست پێبکات، تا دەگاتە گۆڕینی عەقڵییەتی خەڵك و دەسەلاَت و تێڕوانیان بۆ مندالاَن. دیارە لەم بارەوە قسەو ڕاوسەرنجم زۆرەو تۆش بۆت دیاری کردووم کە چەندت بۆ بنووسم، وە لەبەر گرنگی ئەم باسە من کەمێك زیاترم نووسیووەو ئەو سنورەشم بەزاندووە.